زانیاری هەستیار لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دزراوە و بە باوکراوەتەوە

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا "پەنتاگۆن" ڕایگەیاند، بە باوکردنەوەی زانیارییەکان لەوانەیە لەسەر بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا بووبێت، کە زۆربەیان پێیوەندییان بە شەڕی ئۆکراینا وە هەیە، مەترسییەکی گەورەیە بە سەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا.

یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا کریس میگەر وتی، ئەو بەڵگەنامانەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە باوکراونەتەوە دڵنیان هەندێک لە وێنەکان وا دەردەکەون زانیاری هەستیاریان نیشانداوە کە ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانە لەوانەیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت نەک تەنها لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بەڵکو لەسەر گیان لەدەستدانیش.

ئەو دزکردنەی کە وەزارەتی داد لەکۆینەوەی لەسەر دەستپێکردووە، پێدەچێت هەڵسەنگاندن و هاپەرتی نهێنی هەواڵگری لەخۆ بگرێت نەک تەنها سەبارەت بە ئۆکراینا بەڵکو لەسەر ڕووسیا و شیکردنەوە زۆر هەستیارەکانی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا.